www.kurdistannet.org

9-7-2006 22:31بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**هه ست ... دلشاد**

خۆشه ویستم لێمی پرسی
تۆ كێت زیاتر خۆشتر ده وێ
ئه میره كه ی ئه حلامی خۆت
یا كوردوستان، ، ؟
وتم گیانه ئاشكرایه
خۆشترم ده وێ ی
له نه خشه كه ی هه موو جیهان
سوور داگه ڕا ڕه نگی تێك چوو
نه مئه زانی
له خه مانه یا له خۆشیان
چونكه زۆرجار
له خۆشی یا، ، ئه بێ گریان
ووتی ده با دڵنیا بم
ده پێم بڵی ئه گه رمنم
ووتم به ڵی تۆو منیش
ڕۆژێ سه دجار
ئه بین، ، به فیداو قوربانی
خاك وخۆڵه كه ی كوردوستان
ووتی ئای ئای!! ئه دی نه تووت
ناتگۆڕمه وه به نه خشه كه ی
هه موو جیهان!؟
ئه دی جیهان كوردوستانیش
ناگرێته وه
ووتم وایه هه موو جیهان
كوردوستانی له گه ڵ دایه
به ڵام له نه خشه نه مایه!!
وام ئه زانی خه م دای ئه گرێ
توند توند له باوه شی
گرتم، ،
ڕوومه تی به ماچ داگرتم
ووتی زیاتر خۆشتم ده وێ
منیش ووتم كوردوستانم زۆرزۆر
له تۆ خۆشتر ده وێ
ووتی تۆ چه ند كوردوستانت
له من زیاتر خۆشتر بوێ
منیش زیاتر
زیاترو زیاتر، ، خۆشتم ده وێ
تا ئه وڕۆژه ی كوردوستانمان
له نه خشه دا ده ر ئه كه وێ.

دلشاد 06/7/7
سویسرا